# الجمعيات والأحزاب السياسية الكردية (١٩١٨ – ١٩٤٦) في كتاب "تاريخ الأحزاب السياسية العراقية" لعبد الرزاق الحسني (دراسة تحليلية، نقدية، مقارنة)

**م.م. رنده طه حبيب**
**جامعة عقرة للعلوم التطبيقية/ كلية التربية / قسم التاريخ**
rind.habib@auas.edu.krd

**الكلمات المفتاحية**: الحركة، الجمعيات والأحزاب، السياسي، الكرد، الحسني.

**كيفية اقتباس البحث**

حبيب , رنده طه , الجمعيات والأحزاب السياسية الكردية (١٩١٨ – ١٩٤٦) في كتاب "تاريخ الأحزاب السياسية العراقية" لعبد الرزاق الحسني (دراسة تحليلية، نقدية، مقارنة),مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، حزيران ٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:٦ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Registered مسجلة في ROAD**

**Indexed مفهرسة في IASJ**

# Kurdish Political Societies and Parties (1918 – 1946) in Abdul Razzaq al-Hasani's Book "History of Iraqi Political Parties" (An Analytical, Critical, and Comparative Study)

**Randa Taha Habeeb**
**Department of History - College of Education –Akre University for Applied Sciencess**
rind.habib@auas.edu.krd

**Keywords** : Movement, Societies and Parties, Political, Kurds, Al-Hasani

**How To Cite This Article**
Habeeb , Randa Taha , Kurdish Political Societies and Parties (1918 – 1946) in Abdul Razzaq al-Hasani's Book "History of Iraqi Political Parties"(An Analytical, Critical, and Comparative Study) ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, june 2026,Volume:16,Issue 6.

CC BY NC ND
**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

Abstract:
There is no doubt that the history of the Kurds and Kurdistan has captured the attention of many Iraqi Arab historians and writers, most notably the historian Abdul-Razzaq Al-Hasani. In his works, Al-Hasani addressed the political history of the Kurds and Kurdistan, despite his nationalist intellectual and political orientation, showing a distinct interest in Kurdish affairs and their history. In most of his books, he treated the Kurds and the Kurdish issue as an integral part of the history of Iraq. He also focused on Kurdish political and party life, incorporating it into his book on the history of Iraqi political parties, which is considered an essential source for understanding the development of political and party life in Iraq in general, and at the same time, an important reference for understanding the Kurdish political and party movement. This was the primary motivation for selecting this topic: "Kurdish Political

Associations and Parties (1918–1946) in Abdul-Razzaq Al-Hasani's 'History of Iraqi Political Parties'".

The importance of this research lies in studying the stance of the Iraqi historian Abdul-Razzaq Al-Hasani toward the Kurdish political and party movement, especially given his proximity to the monarchy, which earned him the title "Historian of the Royal Era." The research aims to analyze Al-Hasani's writings regarding the Kurdish political and party movement, clarify his methodology, and compare his work with other reliable sources to uncover its level of objectivity and accuracy, and to evaluate it historically. This research is based on the book "History of Iraqi Political Parties" and historical sources on the subject.

The research plan consists of an introduction, a gateway and three topics with conclusions. Second: Kurdish Political Associations and Parties (1908-1922). First: Kurdish Political Associations and Parties (1922-1939). Fourth: Kurdish Political Associations and Parties (1939-1946).

الملخص:

لا شك أن تاريخ الكرد وكردستان قد استأثر باهتمام العديد من المؤرخين والكتّاب العرب العراقيين، ومن أبرزهم المؤرخ عبد الرزاق الحسني، الذي تناول في مؤلفاته التاريخ السياسي للكرد وكردستان، على الرغم من توجهه الفكري والسياسي القومي، واهتم كذلك بالشأن الكردي وتاريخهم. فتناول في معظم كتبه الكرد والقضية الكردية بوصفها جزءاً لا يتجزأ من تاريخ العراق. كما اهتم بالحياة الحزبية والسياسية الكردية، وتناولها ضمن كتابه حول تاريخ الأحزاب السياسية العراقية، والتي تُعدّ مصدراً أساسياً لفهم تطور الحياة السياسية والحزبية في العراق عامة، وفي الوقت نفسه مرجعاً مهماً لفهم الحركة السياسية والحزبية الكردية. وهذا كان السبب الذي دفعنا لاختيار هذا الموضوع (الجمعيات والأحزاب السياسية الكردية ١٩١٨ – ١٩٤٦) في كتاب "تاريخ الأحزاب السياسية العراقية " لعبدالرزاق الحسني).

تبرز أهمية هذا البحث في دراسة موقف المؤرخ العراقي عبدالرزاق الحسني من الحركة السياسية والحزبية الكردية، إذ كان قريباً من السلطة الملكية حتى عُرف بـ مؤرخ العهد الملكي، أما هدف البحث يهدف هذا البحث إلى تحليل كتابات الحسني المتعلقة بالحركة السياسية والحزبية الكردية وبيان منهجه فيها، ثم مقارنتها بمصادر أخرى موثوقة بغية الكشف عن مدى موضوعيتها ودقتها وتقويمها تاريخياً. يستند هذا البحث إلى كتاب "تاريخ الأحزاب السياسية العراقية" ومصادر تاريخية أخرى ذات صلة.

تتألف خطة البحث من مقدمة، وبوابة، وثلاثة محاور رئيسية مع استنتاجات. المحور الثاني: الجمعيات والأحزاب السياسية الكردية (١٩٠٨-١٩٢٢). المحور الأول: الجمعيات والأحزاب السياسية الكردية (١٩٢٢-١٩٣٩). المحور الرابع: الجمعيات والأحزاب السياسية الكردية (١٩٣٩-١٩٤٦).

## کۆمەڵ و پارتە سیاسیە کوردییەکان (١٩١٨ – ١٩٤٦) لە پەرتووکی "تاريخ الأحزاب السياسية العراقية"ی عەبدولڕەزق ئەلحەسەنیدا (لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری، ڕەخنەیی، بەراوردکارییە)

م.م. رنده طه حبيب
rind.habib@auas.edu.krd
زانکۆیا ئاکرێ بۆ زانستێن کرداری/کولیژا پەروەردە /پشکا مێژوو

پوختە :

مێژووی سیاسی کورد و کوردستان جێگای گرنگی پێدانی زۆرێک لە نووسەر و مێژوونووسانی عەرەبی عێراقی بووە، لە پێشەکی ئەو مێژوونووسانەش عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی بووە، کە گرنگی بە مێژووی سیاسی کورد داوە لە بەرهەمەکانی هەرچەندە لە ڕووی ئاراستەی فکری و سیاسی کەسایەتیەکی نەتەوەیی بوو، سەرەڕای ئەمە ڕێزی لە کورد و مێژووی کورد گرتووە بۆیە لە زۆربەی پەرتووکەکانی باسی کورد و پرسی کوردی کردووە وەکو بەشێك لە مێژووی عێراق. هەروەها گرنگی بە ژیانی سیاسی و پارتایەتی کوردی داوە لە پەرتووکی "تاريخ الأحزاب السياسية العراقية" کە سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ ژیانی سیاسی و پارتایەتی لە عیراق لە هەمان کاتدا بۆ ژیانی سیاسی و پارتایەتی کورد. لە سۆنگەی ئەمەوە ئەم لێکۆڵینەوە لە سەر: (کۆمەڵ و پارتە سیاسیە کوردییەکان (١٩١٨ – ١٩٤٦) لە پەرتووکی "تاريخ الأحزاب السياسية العراقية" ی عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنیدا)تەرخانکراوە، کە کۆمەڵ و پارتە سیاسیە کوردییەکان (١٩١٨ – ١٩٤٦) لەخۆدەگرێت.

گرنگی و هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ زانینی هەڵوێستی مێژوونووسێکی عەرەبی عێراقیە، کە کەسێکی نزیکی دەسەڵات بووە لە سەردەمی پاشایەتی، هەتا هاتبووە ناسین بە مێژوونووسی سەردەمی پاشایەتی، لەبزووتنەوەی سیاسی و ژیانی سیاسی و پارتایەتی کورد، دیاریکردنی شێوازی نووسینی لە بزووتنەوی سیاسی کورد؛ ئارمانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەمانەوێت نووسینەکانی حەسەنی لە سەر بزووتنەوە سیاسی کورد دیاربکەین و شلۆڤەیان بکەین پاشان بەپێی سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانی تر گفتوگۆی ئەم نووسینانە بکەین.

کلیلی لێکۆڵینەوە: بزووتنەوە، کۆمەڵ و پارت، سیاسی، کورد، حەسەنی.

**پێشەکی:**

مێژووی ڕووداوە سیاسیەکانی کورد لە عێراق جێگای گرنگی پێدانی زۆرێك لە توێژەر و مێژوونووسانی عەرەبی عێراقی بووە، ئەم گرنگی پێدانەش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی زووەوە بەتایبەتی لە سەروبەندی دامەزراندنی شانیشینی عێراقی لە ثابی ١٩٢١ ئەم دەوڵەتە کورد و عەرەب و پێکهاتەکانی نەتەوەیی و ئاینی لەخۆدەگرد.

لە پێشەکی ئەو مێژوونووسانەش عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی بووە، کە گرنگی بە مێژووی کورد داوە لە بەرهەمەکانی هەرچەندە لە ڕووی ئاراستەی فکری و سیاسی کەسایەتیەکی نەتەوەیی بوو، سەرەڕای ئەمە ڕێزی لە کورد و مێژووی کورد گرتووە بۆیە لە زۆربەی پەرتووکەکانی باسی کورد و پرسی کوردی کردووە وەکو بەشێك لە عێراق. بەتایبەتی ڕووداوەکانی مێژووی سیاسی کورد لە سەردەمی پاشایەتی (١٩٢١ – ١٩٥٨)و پێش ئەو سەردەمە لەناو نووسینەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە. هەروەها گرنگی بە ژیانی سیاسی و پارتایەتی کوردی داوە لە پەرتووکی "تاريخ الأحزاب السياسية العراقية" ئەم پەرتووکە سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ ژیانی سیاسی و پارتایەتی لە عیراق لە هەمان کاتدا بۆ ژیانی سیاسی و پارتایەتی کورد.

لە سۆنگەی ئەمەوە ئەم لێکۆڵینەوە لە سەر: (کۆمەڵ و پارتە سیاسیە کوردییەکان (١٩١٨ – ١٩٤٦) لە پەرتووکی "تاريخ الأحزاب السياسية العراقية" ی عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنیدا)
تەرخانکراوە، کە کۆمەڵ و پارتە سیاسیە کوردییەکان(١٩١٨ – ١٩٤٦) لەخۆدەگرێت، سەرەڕای بوونی چەندین پەرتووك و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی و کوردی لەسەر کۆمەڵ و پارتە سیاسیە کوردییەکان (١٩١٨ – ١٩٤٦) ماوەی لێکۆڵینەوەکە دەگرێتەوە بەڵام لێکۆڵینەوە لە بارەی ژیانی سیاسی کورد لە نووسینەکانی مێژوونووسێکی بێگانەدا بەتایبەتی مێژوونووسێکی عەرەبی عێراقی گرنگی تایبەتی خۆی هەیە.

گرنگی لێکۆڵینەوە:

گرنگی و هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ زانینی هەڵوێستی مێژوونووسێکی عەرەبی عێراقیە، کە کەسێکی نزیکی دەسەلات بووە لە سەردەمی پاشایەتی، هەتا هاتبووە ناسین بە مێژوونووسی سەردەمی پاشایەتی، لەبزووتنەوەی سیاسی و ژیانی سیاسی و پارتایەتی کورد، دیاریکردنی شێوازی نووسینی لە بزووتنەوی سیاسی کورد.
ئارمانجی لێکۆڵینەوە:


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

لەم لێکۆڵینەوەیە دەمانەوێت نووسینەکانی حەسەنی لە سەر بزووتنەوە سیاسی کورد دیاربکەین و شلۆڤەیان بکەین پاشان بەپێی سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانی تر گفتوگۆی ئەم نووسینانە بکەین.

ڕێبازیلێکۆڵینەوە:

بۆ نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیە شێوازی شیکاری و ڕەخنەی بەراوردکاری بەکارهاتووە پشت بەستن بە پەرتووکی"تاريخ الأحزاب السياسية العراقية" لەگەڵ سەرچاوەکانی مێژوویی تایبەت بە بابەتەکە.

پلانی لێکۆلینەوە پێکدێت لە پێشەکی و دەروازە و سێ تەوەر لەگەڵ ئەنجامەکان

یەکەم: دەروازە/ پوختەیەک لە سەر پەرتووکی "تاريخ الأحزاب السياسية العراقية".

دووەم: کۆمەڵ و پارتە سیاسیە کوردییەکان (١٩٠٨-١٩٢٢).

سێ یەم: کۆمەڵ و پارتە سیاسیە کوردییەکان (١٩٢٢-١٩٣٩).

چوارەم: کۆمەڵ و پارتە سیاسیە کوردییەکان (١٩٣٩- ١٩٤٦).

**یەکەم: دەروازە:**

پوختەیەک لە سەر پەرتووکی "تاريخ الأحزاب السياسية العراقية".

مێژووی کورد و کوردستان جێگای گرنگی پێدانی زۆرێک لە نووسەر و مێژوونووسانی بێگانە بووە بەتایبەتی نووسەرو مێژوونووسانی عەرەبی عێراقی، کە لە سەر بوارە جۆراو جۆرەکانی مێژووی کوردیان نووسیوە بەتایبەتی مێژووی سیاسی کورد و کوردستان، لەپێشەکی ئەو مێژوونووسانەش عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی[١]، بووە کە مێژوونووسێکی نەتەوەیی کلاسیکی عێراقە، و خاوەنی چەندین جۆرە بەرهەمی نووسراوە لە هەموو بوارەکان، بەتایبەتی بواری مێژووی سیاسی، وە گرنگی بە مێژووی کورد داوە لە بەرهەمەکانی بەتایبەتی مێژووی سیاسی کورد، کە ڕووداوە سیاسیەکانی مێژووی کورد لەسەردەمی پاشایەتی(١٩٢١-١٩٥٨) و پێش ئەو سەردەمە لەناو نووسینەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە (رشيد، ٢٠٢٢).

سەبارەت بە پەرتووکی "تاريخ الاحزاب السياسيه العراقيه"[٢]. کە دوا بەرهەمی عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی یە لە مێژووی هاوچەرخی عێراق کە ئەویش لێکۆڵینەوەیەکە دەربارەی پارت و ڕێکخراوە سیاسیە ئاشکراکانی عێراق، کە لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩١٨- ١٩٥٨) پێکهێنرابوون، لەم پەرتووکەدا تیشکی خستووەتە سەر مێژووی دامەزراندنی ئەو پارت و ڕێکخراوانە و پەیرەوەکانیان، هەڵویست و پرسەکانی پەیوەست بەژیانی سیاسیەوە هەییە کە لە سەردەمی عوسمانیەکان دەستپێدەکات و بەسەردەمەکانی داگیرکاری و ئنتیداب و سەربەخۆیدا تێدەپەڕێت، لەم

کتبەدا حەسەنی تیشکی خستوتە سەر بەشێکی گرنگی مێژووی ژیانی پارتایەتی لە عێراق لەڕێکەی پێداچوونەوە بە میژووی پارت و ڕێکخراوە سیاسیە ئاشکراکانی عێراق لە چوارچیوەی سنوری پەرتووکەکەی (الحسني ،١٩٨٣، :٥-٣٩٢).

هەروەها حەسەنی تیشکی خستوتە سەر پارت و ڕێکخراوە سیاسیە کوردییەکان کە لەو کاتەدا دەرکراون لە چوارچێوەی سنوری پەرتووکەکەی جێگەی تایبەتی لە پەرتووکەکەی بۆ تەرخانکردووە و دێتە سەر باسیان بەناونیشانی "الأحزاب الكردية" "پارتە کوردییەکان" کەتێیدا باس لەو پارت و ڕێکخراوە سیاسیە کوردییانە کردووە هەر لە ساڵی( ١٩٠٨ – ١٩٤٦ ) دامەزراون هەرچەندە ئاماژەی بەهەموو پارت و ڕێکخراوە سیاسیە کوردییەکان نەکردووە کە لەو ماوەیەدا دەرچوونە بەڵام ئاماژەی بە چەندین پارت و ڕێکخراوی سیاسی دیاری کوردی کردووە کە لە خوارەوە ئاماژەیان بۆ دەکەین، ئەم پەرتووکە لە سالی ١٩٨٠ چاپکراوە لەو کاتە سەختەدا بە هۆی بارودۆخی سیاسی هەنگاوێکی بوێرانە بووە بۆ نووسینی بزووتنەوەی سیاسی کورد، حەسەنی بۆ نووسینی پارتە کوردییەکان سودی لە چەندین ژێدەری ڕەسەن و باوەڕپێکراوی کوردی بینوە وەک پەرتووکی "خلاصة تأريخ الكرد وكردستان" هی مێژوو نووسی کورد محەمەد ئەمین زکی پەرتووکی "كردستان والحركة القومية الكردية" هی کەسایەتی کورد جەلال تالەبانی پەرتووکی "كردستان والأكراد" هی عەبدولرەحمان قاسملو پەرتووکی "تأريخ الحزب الثورى الكردي"، هی عبدالستار طاهر شريف (الحسني ،١٩٨٣، :٣١٢-٣٢٧).

دووەم: کۆمەڵ و پارتە سیاسیە کوردییەکان (١٩٠٨-١٩٢٢):

بزووتنەوەی سیاسی کورد ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتایی سەدەی بیستەم، گرنگی درا بە پێکهێنانی پارت و کۆمەڵە و ڕێکخراوی کوردی بۆ گرنگی دان بە پرس و مەسەلە کوردییەکان مێژووی دامەزراندنی یەکەمین کۆمەڵەی کوردی بەپێی بەڵگەنامە بەریتانیەکان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی(١٨٨٠) کە لە سەرچاوەکاندا بە ناوی کۆمەڵەی ڕێکەوتنی کوردان (جمعيه اتفاق الكرد)[٣]، هاتووە هەرچەندە ئەم کۆمەڵەیە نەگەیشتە ئاستی ڕێکخستنێکی سیاسی بەڵام کارتێکردنێکی گەورەی کردە سەر بوژاندنەوەی هەستی نەتەوایەتی کورد و خاڵی سەرەتایی بوو بۆ دامەزراندنی ڕێکخستنی سیاسی هاوبەش (ئێروەیی ,٢٠٠٢، :٤٥-٤٦).

بۆیە یەکەمین کۆمەڵەی کوردی لە ساڵی (١٩٠٠) لە ئەستەمبوڵ دامەزرا بە ناوی کۆمەڵەی عەزمی قەومی کوردستان (جەمعیەی عەزمی قەوی کوردستان) (ئێروەیی ,٢٠٠٢، :٧٤-٧٦). (عزم قوى جمعيتى) لە لایەن فکری ئەفەندی دیاربەکر، لە ساڵی (١٩٠٤) لە لایەن



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

دەستهەڵاتدارانی ئووسمانی هاتەگرتن (العلياوي ، ٢٠٠٥، :٢٠٤). دوای ئەم قۆناغە قۆناغێکی تر لە دامەزراندنی کۆمەڵ و ڕێکخراوی سیاسی لە مێژووی کورد دەستپێدەکات، لە ئەنجامی بەرزبوونەوەی ئاستی هزری نەتەوایەتی کوردی و پەیدابوونی چەندین گۆڕانگاری سیاسی لە ناو دەوڵەتی ئووسمانی، ڕۆشنبیر و کەسایەتیە سیاسیەکانی کورد بە دەرفەتیان زانیوە بۆ دامەزراندنی چەندین کۆمەڵەی سیاسی و ڕۆشەنبیری کورد (شریف ،٢٠٠٧، :٤٤، صابر، ٢٠٠١، :٢٤). لەو کۆمەڵانە:(کورد تەعاون و تەرەقی جەمعیەتی، کۆمەڵەی هیڤی، کۆمەڵا جیهانزانی، چەند کۆمەڵەی تر وەکو: کۆمەڵەی ڕزگاری کوردستان، پارتی موحبانی کوردستان، کۆمەڵەی ئیرشاد و ئیرتیقای کورد)[٤].

حەسەنی گرنگی بە ژیانی سیاسی و پارتایەتی کورد داوە لە پەرتووکی "تاريخ الأحزاب السياسية العراقية" کورتیەکی داوە بەم کۆمەڵە کوردییانە لە ژێر ناونیشانی "پارتە کوردییەکان" "الاحزاب الكورديه" باسیان دەکات، کە تێیدا باس لەو کۆمەڵ و پارتە کوردییانە دەکات، کە پێش شەڕی جیهانی یەکەم و پاش شەڕ دامەزرابوون( (الحسني ،١٩٨٣، :٣١٢-٣٢٧) ). بەڵام ئەو کۆمەڵە کوردییانەی پێش شەڕی ناوبراو دامەزرابوون کە لە سەرەوە باسمان کرد حەسەنی تەنیا باس لە دوو لەو کۆمەڵانە دەکات لە خوارەوە باس لەو کۆمەڵانە دەکەین.

کورد تەعاون و تەرەقی جەمعیەتی (كورد تعاون ترقی جمعيتی) (١٩٠٨- ١٩٠٩) یەکەمین ڕێکخستنی سیاسی و نەتەوەیی کورد بوو لە مێژووی کوردی نوێ، لەلایەن نەتەوە پەروەرانی کورد لە ئەستەمبوڵ دامەزرا (عەبدوڵلا ،٢٠٠٧، :١٥-١٦) .

حەسەنی بەم شێوەیە ناوی ئەم کۆمەڵەیە دەهێنێت (کومەلی تعالی و ترقی کورد) و(جمعية رقى الاكراد وتقدمهم) وا دیارە توشی هەڵەیەکی مێژوویی بووە. بەپێی ئاماژەی حەسەنی یەکەمین ڕێکخستنی سیاسی کورد بوو دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیتحادیەکان ڕاستەوخۆ لە ئەستەمبوڵ دەرکەوت ساڵی (١٩٠٨) دامەزرێنەرەکانی (ئەمین عالی بەدرخان، جەنەراڵ محەمەد شریف پاشا و چەند کەسی تر) (الحسني ،١٩٨٣، :٣١٢).

دووەمین کۆمەڵەی سیاسی کوردی کە لەو کاتەدا دروست بوو حەسەنیش ئاماژەی بۆ دەکات کۆمەڵەی هیڤی(جمعية هيڤي الكوردية) بوو ئەم کۆمەڵەیە لە ساڵی (١٩١٠) لە ئەستەمبوڵ دامەزرا، لەلایەن ئەو قوتابیە کوردانەی لە ئەستەمبوڵ دەیانخوێند (الحسني ،١٩٨٣، :٣١٢). حەسەنی لە دامەزراندنەکەی بە هەڵە چووە، هەرچەندە هەندێك سەرچاوەی تریش هەمان بۆچوونیان هەیە، بەڵام بەپێی قسەی یەکێك لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەکە کە (زنار سلوبی)یە دەڵێت: "لە ساڵی ١٩١٢ دامەزراوە" ( صابر، ٢٠٠١، :٢٧). بەهەرحاڵ حەسەنی ڕۆڵی ئەم کۆمەڵەیە بەرز دەنرخێنێت دەڵێت: "لە چالاکترین کۆمەڵە کورییەکان بوو پێش شەڕی جیهانی یەکەم "هەروەها باسی لایەنی ڕۆشنبیری کۆمەڵەکە دەکات

ئاماژە بەوە دەکات ئەم کۆمەڵەیە زمانحاڵی تایبەتی خۆی هەبوو بە ناوی (ڕۆژا کورد) پاشان گۆڕا بە (هەتاڤی کورد)، (شمس الاکراد)، دواتر(ژین) و (الحیاه)، لە کۆتایدا باس لەلایەنی نەتەواییەتی کۆمەڵەکە دەکات دەڵێت: "ئەندامەکانی ڕۆڵێکی کارایان گێڕا لە ژیانی سیاسی کورد" (الحسني ،١٩٨٣، :٣١٢-٣١٣).

جگە لەمە بە کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم و مۆرکردنی ئاگربەستی مودریس لە ٣٠ ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨ دەرفەتێکی نوێ بۆ کورد پەیدابوو بۆ بەدەستهێنانی ماف و دەسکەوتە نەتەوەییەکانیان بۆ جێبەجێکردنی چەندین کۆمەڵ و پارتی سیاسیان دامەزراند ئەو کۆمەڵ و پارتە سیاسیانەی لەو قۆناغە دا لە نێوان ساڵانی (١٩١٨-١٩٢٢) دامەزران ئەمانەن: (کۆمەڵەی پێشکەوتنی کوردستان (جمعية تعالى كوردستان)،کۆمەڵەی پیکهاتە کۆمەڵایەتیەکانی کوردستان (جمعية التشكيلات الاجتماعية الكوردستانية)، کۆمەڵەی سەربەخۆی کوردستان (جمعية استقلال كوردستان)،کۆمەڵەی پێشکەوتنی ئافرەتانی کورد (جمعية التعالى لنساء الكورد)، پارتی سەربەخۆیی کورد (حزب الاستقلال الكوردي)، پارتی دیموکراتی کوردی (الحزب الديموكراتي الكوردي)، پارتی گەلی کورد (حزب الشعب الكوردي)(٥).

حەسەنی تەنیا باس لە سێ لەم کۆمەڵانە دەکات کە ئەوانیش ئەمانەن: (جمعية استقلال الكرد): حەسەنی دەربارەی ئەم کۆمەڵەیە دەڵێت: "دوای ئاگربەستی مۆدرۆس لە ئەستەمبۆل کۆمەڵەیەکی سیاسی دروست بوو بە سەرکردایەتی (عەبدولقادر ئەفەندی)، کە سەرکردە و میرە کوردەکان ئەندام بوون تێیدا دواتر بەدرخانیەکان لێی جیابوونەوە، کۆمەڵەیەکی تریان دامەزراند بەناوی (جمعية التشكيلات الاجتماعية کردستان)" (الحسني ،١٩٨٣، :٣١٢-٣١٣)، بەڵام وەکو پێشتریش باسمان کرد حەسەنی لێرەدا تووشی هەڵەیەکی تری مێژوویی بووە، لەوانەیە هۆکاری هەڵەکانی دەربارەی ئەم بابەتە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە حەسەنی پشتی بە پەرتووکی مێژوونووسی کورد محەمەد ئەمین زکی "خلاصة تاريخ الكرد و كردستان" بەستووە ئەم زانیاریانە بەهەڵە لەو پەرتووکەدا هاتوونە (زكي ،١٩٣٩، :٣٥٠)، چونکە ئەم زانیاریانە هی کۆمەڵەی پێشکەوتنی کوردستانە (جمعية تعالى كوردستان) لەبەر ئەوە کۆمەڵەی پێشکەوتنی کوردستان (جمعية تعالى كوردستان) بوو لە کانوونی یەکەمی ١٩١٨ لە ئەستەمبۆل دامەزرابوو لەلایەن عەبدولقادر شەمزینی، کە ناوبراو سەرۆکی کۆمەڵەکە بوو (ئەمین عالی بەدرخان) جێگری یەکەمی سەرۆکی کۆمەڵەکە بوو، بەدرخانیەکان ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە بوون لێی جیابوونەوە ئەویش ئەمین عالی بەدرخان بوو کە لەم کۆمەڵەیە جیابووەوە کۆمەڵەی ناوبراوی دامەزراند (شیرکوە ،١٩٣٠، :٥٢-٥٣، نێروەیی, ٢٠٠٢، :١٤٩-١٦٢).

سەبارەت بە پارتی سەربەخۆی کورد (حزب الاستقلال الكوردي)، ئەم کۆمەڵەیە لە ساڵی ١٩١٨ لە قاهیرە بە سەرۆکایەتی (ئەحمەد سوریا



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

بەدرخان) دامەزرابوو، ئەم كۆمەڵەیە لە ڕووی بیروباوەڕ و ئارمانجەوە هیچ جیاوازی لەگەڵ كۆمەڵەی پێشكەوتنی كوردستان (جمعية تعالی كوردستان) نەبوو، بۆیە هەندێك نووسەر ئەم پارتەیان بەلقێك لە كۆمەڵەی پێشكەوتنی كوردستان (جمعية تعالی كوردستان) داناوە (نیكیتین، ٢٠٠٧، :٣٢٨، نێرۆیی، ٢٠٠٢، :١٦٣-١٦٩). جگە لەمانە كۆمەڵەی گەلی كورد(جمعية الشعب الكردي)(٦) . كە حەسەنی باسی لێوە دەكات بەڵام هیچ زانیاری دەربارەی نادات تەنها ناوی دەهێنێت (الحسني ،١٩٨٣، :٣١٣).

هەروەها حەسەنی لە پەراوێزێكدا چەند كۆمەڵەیەكی تری كوردی دیاردەكات لە وانە: كۆمەڵەی سەربەخۆیی كوردستان:(جمعية استقلال كوردستان) كە لە سولەیمانی ساڵی ١٩٢٠ دامەزرا بەشێوەیەكی نهێنی (الحسني ،١٩٨٣، :٣١٤) دوای دوورخستنەوەی شێخ مەحموود بۆ هند لە لایەن بەریتانیا، ئارمانجی ئەم كۆمەڵەییە یەككگرتنی كورد و بڵاوكردنەوەی بیرۆكەی نەتەوایەتی كورد لە نێوئەندامەكانی بوو (حیلمی ،٢٠٢٠، :٢٨٧-٢٩٣) حەسەنی ئاماژە بەم كۆمەڵەیە دەكات كە دەڵێت "رەفیق حلمی یەكێك بوو لە دامەزرێنەرانی ئەم كۆمەڵەیە"، خالی گرنك كە حەسنی باسیكردووە ئەوەیە ئەم كۆمەڵەیە هەوڵیداوە نێزیك بێت لە حەمدی بەك بابان هەتا سەرۆكایەتی بكات چونكە پێویستی بە رووخسارێكی دیاروو بەرچاووی وەكو ئەو هەبوو، هەتا دەنگی كورد بگەیەنێتە ناوەندەكانی سیاسی بەڵام سەركەوتوو نەبوو، هەروەها حەسەنی ئاماژە بەوە دەكات كاتێك حاكمی سیاسی بەریتانیا لە سلێمانی ئاگاداری دامەزراندنی ئەم كۆمەڵەیە بوو بریاریدا لە ژێر سەرپەرشتی ئەو بێت، بۆیە رازی بوو كە بە ئاشكرا كارەكانی ئەنجام بدات بەمەرجێ تێكەڵی كاروباری سیاسی نەبێ (الحسني ،١٩٨٣، :٣١٤).

سێ یەم: كۆمەڵ و پارتە سیاسیە كوردییەكان (١٩٢٢-١٩٣٩):

سەبارەت بە كۆمەڵەی كوردستان(جمعية كردستان) كە لە ٢١ی تەمموزی ١٩٢٢ لە سلێمانی دامەزرا (أحمد ،١٩٨٧، :١٢٩)، حەسەنی ئاماژە بە دامەزرێنەری دەكات كە مستەفا پاشا یا ملكی یە، وە ئەندامەكانی جگە لەمە حەسەنی باس لە لایەنی رۆشەنبیری ئەم كۆمەڵەیە دەكات ئاماژە بەوە دەكات ئەم كۆمەڵەیە رۆژنامەیەكی دەركرد لە ٦ی ئابی ١٩٢٢ بەناوی بانكی كوردستان واتا بانگەوازی كوردستان (نداء كردستان) كە ١٤ ژمارەی لێ دەرچوو (الحسني ،١٩٨٣، :٣١٤-٣١٥).

بەڵام حەسەنی باسی چالاكییە سیاسیەكانی ئەم كۆمەڵەییە ناكات یەكێك لە گرنگترین چالاكییەكانی ناردنی یاداشتنامەیەك بوو بۆ كۆمەڵەی گەلان(عصبه الأمم) لەیەكی تشرینی یەكەمی ١٩٢٤(لە كاتی گفتۆگۆی كێشەی وویلایەتی موصڵ) لەو یاداشتنامەیەدا دژایەتی داواكارییەكانی

تورکیایان کرد بۆ وویلایەتی موصڵ، رایانگەیاند کە جگە لە پەیوەندی ئایینی هیچ پەیوەندی لە نێوان کورد و توورک دانیە، لە کۆتایی یاداشتنامەکەدا داوایان لە ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان کرد بۆ یارمەتیدان و باشکردنی ڕەوشی گەلی کورد تا ببنە هۆکارێک بۆ خزمەتکردنی ئاشتی و پێشکەووتن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا (الجادري ،٢٠١٧، :٤٢).

کۆمەڵەی زانستی (جمعية المعارف): لە ساڵی ١٩٢٦ لە سلێمانی دامەزرا، حەسەنی خالی رۆشەنبیری و نەتەوەیی ئەم کۆمەڵەیە دیاردەکات کە دەڵێت " ئامانجی بڵاوکردنەوەی زانستی کوردی و پەوکردنی ئیرادەی نەتەوەیی بوو" (الحسني ،١٩٨٣، :٣١٥). لە ئامانجەکانی تری کۆمەڵەکە بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاری لە کوردستان لەرێگەی چەندین ئامرازەوە وەک رۆژنامەگەری و وەرگێران و دانانی پەرتووکی قوتابخانەو پەرتووکی تر هاندان بۆ کردنەوەی قوتابخانەکان و پێشکەشکردنی وانە و سمینار کردنەوەی پەرتووکخانەکان و هەوڵدان بۆ ناردنی قووتابیان بۆ وەڵاتە پێشکەوتووەکان بە مەبەستی خوێندن لەگەڵ لێکۆڵینەوە لە باردۆخی مێژوویی و جوگرافی و نەتەوەییەکانی کورد (صابر ،٢٠٠٦، :٣٣٣).

حەسەنی ئاماژەی داوە بە رۆلی حزبی پشتیوان: ئەوەی لە بەغدا لە١٥ی تەمموزی ١٩٢٧ دامەزرابوو،بە سەرکردایەتی فەرماندە مستەفا شوقی، بەڵام خالی سەرەکی کە حەسەنی باسیکردووە ئەوەیە ئەم کۆمەڵەیە و کۆمەڵانی تریش لەئەنجامی پەرەسەندنی هەستی نەتەوایەتی (ناسیونالیزم) لەنێو گەنجانی خوێندەواردا ناو بەناو دروست دەبوون، هەر بۆیەش دوای دامەزراندنی دامەزراوە و رێکخراوە حزبیە گەورەکان کە رۆلیان هەبوو لە سەرکردایەتی کردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی نەمان (الحسني ،١٩٨٣، :٣١٥).

کۆمەڵەی لاوان (کومەلی لاوان) (جمعية الشباب): ئەو قوتابیە کوردانەی کە لە بەغدا دەیانخوێند لە سەرەتای سیەکان ئەم کۆمەڵەیان دامەزرند، حەسەنی خالی نەتەوەیی ئەم کۆمەڵەیە دیاردەکات کە دەڵێت:"خەمی ئەم کۆمەڵەیە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی لە نێو کوردا بوو"، جگە لەمە حەسەنی ئاماژە بەوە دەکات ئەم کۆمەڵەیە چالاکییەکانی لە بابەتی رۆشەنبیری و کۆمەڵایەتی سنوردارکرد، کاریگەر بوو بە ئامۆژگاریەکانی ئەمین زکی کە داوای لێدەکرد گرنگی بەخوێندن بدات بەبێ ئەوەی بەشداری سیاسەت بکات (الحسني ،١٩٨٣، :٣١٥).

هەروەها ئەم کۆمەڵەیە لە ساڵی ١٩٣٣ ژمارەی یەکەمی لە گۆڤاری یادگاری لاوان(ذکريات الشباب) دەرکرد کە توێژینەوەی ئەدەبی و مۆرکی نەتەوەیی ووتاری پەروەردەیی و ڕۆشەنبیری لەخۆگرتبوو (طالباني ،١٩٧٠،

:٦٦-٦٧). هەروەها حەسەنیش باسی لایەنی ڕۆشەنبیری ئەم کۆمەڵەیە دەکات ئاماژە بەوە دەکات ئەم کۆمەڵەیە گۆڤارێکی دەرکرد بەناوی دیاری لاوان( هدية شباب) یەک ژمارەی لێدەرکرد (الحسني ،١٩٨٣، :٣١٥). بەڵام حەسەنی لێرەدا کەوتوتە هەڵەیەکی تری مێژوویی چونکە بەپێی ئاماژەی سەرچاوەکانی بەردەست لەساڵی ١٩٣٤ دوو ژمارە لە گۆڤاری دیاری لاوان( هدية شباب)دەرچووە (طالباني ،١٩٧٠، :٦٧).

حەسەنی ئاماژەی داوە بە ڕۆڵی پارتی خۆیبوون ئەوەی لە (بوحەمدون-بحمدون) لە لوبنان لە ساڵی (١٩٢٧) دامەزرابوو، بەڵام خاڵی سەرەکی کە حەسەنی باسی کردووە ئەوەیە کە ئەم پارتە لەلایەن چەندین کەسایەتی ڕۆشنبیر و دەرەبەگ دامەزراوە، هەروەها ئەرمەنەکانیش هاوکاری کوردییان کردووە لە دامەزراندنی ئەم پارتە، بەڵام خاڵێکی تر کە حەسەنی باس دەکات ئەوەیە کە ئەم پارتە شێوازی نەتەوەیی بە خۆوە دەگرێت پاڵپشتی بزووتنەوەی ئاراراتی (١٩٢٧- ١٩٣١) کردوە (الحسني ،١٩٨٣، :٣١٣- ٣١٤).

چوارەم: کۆمەڵ و پارتە سیاسیە کوردییەکان (١٩٣٩-١٩٤٦):

جێگەی ئاماژە پێکردنە کاتێك حەسەنی باسی پارتی هیوا (١٩٣٩-١٩٤٥)[٧]، دەکات هەمان خاڵی نەتەوەیی دیاردەکات دەڵێت:"ئارمانجی پارتی هیوا بەجێهێنانی مافە نەتەوەییەکانی کوردە" (الحسني ،١٩٨٣، :٣١٥)، دیسان حەسەنی دیار دەکات، کە ئەم پارتە لە هەموو چین و تووێژەکانی کۆمەڵگەی کوردی پێکهاتووە لە کەسانی لەشکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی ناودار، هەروەها ئەفسەر و بازرگان و مەلاك و پزیشك و پارێزەر ئەندامی ئەم پارتە بوون، بە بیرۆکەی حەسەنی ئەمە یەکێك لە سیماکانی ئەم پارتە بوو (الحسني ،١٩٨٣، :٣١٥).

حەسەنی ڕۆڵی پارتی شۆڕش[٨]، ڕزگاری[٩]، لە ژیانی سیاسی لە کوردستانی عێراق باس کردووە، بەڵام خاڵی گرنگ کە حەسەنی ئاماژەی پێکردووە ئەوەیە، کە ئارمانجی ئەم پارتانە یەکگرتن و ئازادی کوردستانە، کارکردن بۆ ڕزگارکردنی عێراق لە داگیرکاری حکومەتە کۆنەکان کە دەبنە ئاستەنگ لە ڕێگای پێشکەوتنی کوردەکانی عێراق تا بگەنە ئازادی و مافە نەتەوەییەکانیان، لە کۆتایی بابەتەکەی دەربارەی پارتی شۆڕش و ڕزگاری وتوویەتی: "پارتی شۆڕش و ڕزگاری دوو پارتی نهێنی هاوکار بوون، ڕۆڵیان لە پێشخستنی بزووتنەوەی کوردی دیار و ئاشکرایە، بەتایبەت دوای ئەوەی مارکسیەت بووە فەلسەفەی کارەکەی، پرسی کوردیان بۆ جێی دەولی بەڕێگای یاداشت شیکردۆتەوە" (الحسني ،١٩٨٣، :٣١٨-٣١٩).

سەرەتا و پێشهاتەکانی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد لە ساڵی ١٩٤٦ و ڕۆڵی کەسایەتیە کوردییەکان لە کوردستانی عێراق بۆ دامەزراندنی پارتی و قۆناغەکانی دامەزراندنی ئەم پارتە حەسەنی بە درێژیی ئاماژەی پێداوە، گۆڕینی ناوی پارتی لە پارتی دیموکراتی کوردی عێراقی بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ کۆنگرە گرێدراوەکانی پارتی

مێژووی پارتی لە دامەزراندنیەوە لە ساڵی (١٩٤٦) هەتا ساڵی حەفتاكان جێگای ئاماژە پێكردنی حەسەنی بووە (الحسني ،١٩٨٣، ٣١٩-٣٢٢)، جێگەی ئاماژەدانە كە حەسەنی هاوچەرخی دامەزراندن و كاری پارتی دیموكراتی كوردستان بوو، بۆیە بۆ نووسینی لە سەر ئەم پارتە پشتی بە هیچ سەرچاوەیەك نەبەستووە، تەنیا پشتی بە زانیارپیەكانی بەستوە بۆیە بەئاشكرا باسی هەموو كۆنگرەكانی پارتی كردووە بەڵام لە كۆتایدا تێكەڵی كۆنگرەكانی پارتی شۆرشگێری كوردستان (الثوري الكردستاني)[١٠]، كردوو.

دەرئەنجام:

لە نووسینەكانی حەسەنی دەربارەی كۆمەڵ و پارتە سیاسیە كوردییەكان بەم دەرئەنجامانە گەیشتین:

١- حەسەنی گرنگی بە ژیانی سیاسی و پارتایەتی كوردی داوە ئاماژەی بە ژمارەیەكی زۆری كۆمەڵ و ڕێكخراو پارتە سیاسیە كوردییەكان كە لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٠٨- ١٩٤٦) دەرچووبوون كردووە. بەڵام هەندێك لەو كۆمەڵ و پارتە سیاسیە كوردیانەی كە لەو ماوەیەدا دەرچووینە ئاماژەی پێنەداوە.

٢- هەروەها حەسەنی بۆ نووسینی كۆمەڵ و پارتە سیاسیە كوردییەكان سودی لە چەندین سەرچاوەی ڕەسەن و باوەڕپێكراوی كوردی بینوە وەك پەرتووكی "خلاصة تأريخ الكرد وكردستان" هی مێژوو نووسی كورد محەمەد ئەمین زكی پەرتووكی "كردستان والحركة القومية الكردية" هی كەسایەتی كورد جەلال تالەبانی پەرتووكی "كردستان والأكراد" هی عەبدولرەحمان قاسملو پەرتووكی" تأريخ الحزب الثوري الكردي"، هی عبدالستار طاهر شريف.

٣- سەرەڕای ئەمە حەسەنی لە هەندێک جێگادا كەوتووتە هەڵەی مێژوویی.

٤- جگە لەمە لە هەندیک جێگادا ئاماژەی بەو سەرچاوانە نەكردووە كە نووسینەكانی لێوەرگرتووە، وا دیارە پشتی بە زانیارییەكانی بەستووە، چوونكە حەسەنی هاوچەرخی دامەزراندن و كاری هەندێک لەو پارتانە بووە، وەكو پارتی دیموكراتی كوردستان بوو، بۆیە بۆ نووسینی لە سەر ئەم پارتە پشتی بە هیچ سەرچاوەیەك نەبەستووە، تەنیا پشتی بە زانیارییەكانی بەستوە.

٥- هەروەها حەسەنی ئاماژەی بە كاروو چالاكییەكانی ئەو پارتانە كردووە، ئاماژەی بە لایەنی نەتەوەیی و ڕۆشەنبیریيان كردووە، هەروەها ئاماژەی بەئارمانجی ئەو پارتانە كردووە كە ئارمانجیان بەدی هێنانی مافە نەتەوەیيەكانی كورد بووە.

پەراوێز:

---

[١] ناوی تەواوی عەبدولڕەزاق مەهدی سادق هادی ئال سەید عیسایە لە ساڵی ١٩٠٣ لە شورجە (الشورجة) بەغداد لە خێزانێكی عێراقی لە دایك بووە، لە سەرەتای ژیانیدا



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

خوێندنی ئاینی وەرگرتووە، دواتر چووەتە قوتابخانەی (مكتب الترقي الجعفري العثماني) (الحسني ،٢٠١٩، :٢٦-٣٠)، پاشان چووەتە خانەی مامۆستایان(دار المعلمين) لە بەغدا لەوێوە حەزوو ئارەزووی نووسین و چاپکردنی لا پەیدا بووە، دەستی کرد بە نووسین لە ڕۆژنامە (مفید) (العلاف ،٢٠٠٩)، ڕۆژنامەیەکی ئەدەبی و مێژوویی هەفتانەی بەناوی (الفضيلة) لە ئەیلولی ١٩٢٥ دەرکرد، سەرەڕای ئەمە ڕۆژنامەیەکی زانستی و ئەدەبی مێژوویی بە ناوی(الفيحاء) لە باژێری حلله لە کانوونی دووەمی ١٩٢٧ دەرکرد (یاسین ،٢٠١٥، :٢). دوای سەندنەوەی ئیمتیازاتی ڕۆژنامەکەی، دەستیکرد بە کارکردن لە حکومەت بۆیە لە ساڵی ١٩٢٧ وەکو یاریدەدەری ژمێریاری وەزارەتی دارایی دامەزرا (الحسني ،١٩٨٤، ص ص٣٩٣-٣٩٤، العلاف ،٢٠١١، ص١٩٨)، لە ساڵی ١٩٤١ دەست بەسەر کرا بەهۆی بەشداریکردنی لە شۆڕشی مایس ١٩٤١ بۆ ماوەی چوار ساڵ لە زیندان مایەوە لەو ماوەیەدا هەندێك لە بەرهەمەکانی نوسیوە، دوای ئازادکردنی لە زیندان و لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٩ خزمەتی کارەکەی گواستەوە بۆ دیوانی ئەنجوومەنی وەزیران، ئەمەش لە سەر ڕاسپاردەو هاندانی ڕاستەوخۆی سەرۆك وەزیرانی ئەو کات نوری سەعید(١٨٨٨- ١٩٥٨) لەوێ کارەکەی ڕێکخستنی تۆماری تایبەت بوو بە مێژووی دەوڵەت ١٤ ساڵ لەم کارەدا مایەوە دەرئەنجامی ئەوە سودێکی مێژوویی گەورەی بینی لە ئامادەکردنی سەرچاوە سەرەکیەکان بۆ کەرەستەی نووسینەکانی بەتایبەتی بۆ نووسینی پەرتووکی "تاريخ الوزارات العراقية"، زیاتر لە ٣٠ بەرهەمی نووسراوی هەیە گرنکترینیان (تاريخ الوزارات العراقية، تاريخ العراق السياسي الحديث، العراق فی دوري الاحتلال والانتداب، تاريخ الصحافة العراقية، تاريخ الأحزاب السياسية العراقية ... هتر) سەرەڕای ئەمە پەرتووکی لە سەر ئاین و مەزهەبەکانی ئایینی کە لە عێراقدا هەن نووسیوە وەکو ئێزدی و صابئە، لە ساڵی ١٩٩٧ کۆچی دوایی کردوە. بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی ژیان و بەرهەمەکانی و ڕێبازی نووسینی پڕوانە: (علي، ٢٠١٠، :٢٩–١٤٤).

(٢) سێ جار چاپکراوە، چاپی یەکەم ساڵی ١٩٨٠.

(٣) کۆمەڵەی ڕێککەوتنی کوردان: لە کۆنگرەیەك لە شەمدینان لە هاوینی ١٨٨٠ بە سەرۆکایەتی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری بەسترا، ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆك هۆز و پیاوانی ئاینی لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان ئامادەبوون (الأتروشي، ٢٠٠٥، :١٦٩).

(٤) بۆ زانیاری دەربارەی ئەو کۆمەڵانە پڕوانە: (نێروەیی ,٢٠٠٢، :٨٤-١٢٨).

(٥) بۆ زانیاری دەربارەی ئەو کۆمەڵانە پڕوانە: (شریف ،٢٠٠٧، :٦٦-٧٧، صابر، ٢٠٠١، :١٦٣-١٨٧، نێروەیی ,٢٠٠٢، :١٤٩-١٨٥) .

(٦) جمعية الشعب الكردي: ئەم کۆمەڵەیە لە ساڵی (١٩١٩) لە ئەستەمبۆل دامەزراوە لەلایەن (جمعية التشكيلات الاجتماعية الكوردستانية) دامەزرێنەرانی نەجمەدین حوسێن بەگ، مەمدوح سەلیم و جەند کەسێکی تر.پڕوانە: ( صابر، ٢٠٠١، :١٦١-١٨٣).

(٧) پارتی هیوا: لە ساڵی ١٩٣٩ لە شاری کەرکوك دامەزرا، بە تەواوکەری چالاکییەکانی کۆمەڵەی دارکەر دادەنرێت، کە لە ساڵی ١٩٣٧ دامەزرابوو سەرۆکی پارت ڕەفیق حیلمی(١٨٩٨-١٩٦٠) بوو، ئامانجی پارتەکە هێنانە دی مافە ڕەواکانی گەلی کورد بوو. بۆ زیاتر زانیاری پڕوانە: (المزوري ،٢٠٠٨).

(٨) پارتی شۆڕش: لەلایەن ئەندامە کوردەکانی ڕێکخستنی (یەکێتی تێکۆشین)، ئەوانەی کە لە پارتی شیوعی عێراقی جیابوونەوە بڕیاری دامەزراندنی پارتێکی شیوعیان لە کوردستان دا بە ناوی پارتی شۆڕش، ئەم پارتە لە ساڵی ١٩٤٥ دامەزرا، داوای سەربەخۆیی کوردستانی دەکرد. بۆ زیاتر زانیاری پڕوانە: (رسول ،٢٠٠٥، :١٥٣-١٦٠).

(٩) پارتی ڕزگاری: ئەم پارتە لە تێکەڵی چەند پارتی بچوکی کوردی و پاشماوەکانی پارتی هیوا و شۆڕش لە ساڵی ١٩٤٥ لە بەغدا دامەزرا، ئەم پارتە تا دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد لە ئابی ١٩٤٦ لە گۆڕەپانی سیاسی کوردی مابووەوە. بۆ زیاتر زانیاری پڕوانە: (البارزاني ،٢٠٠٢، :٩٩-١٠٢).

(١٠) الحزب الثوري الكردستاني: پارتێكی سیاسی كوردی بوو لە عێراق لە ساڵی ١٩٦٤ دامەزرا، دوای ڕەتكردنەوەی ژمارەیەك كادیرانی پارتی دیموكراتی كوردستان باڵی مەكتەبی سیاسی ئەو باڵەی كە ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تالەبانی سەركردایەتیان دەكرد، دواتر بڕیاری كۆنگرەیان ڕەتكردەوە كە پارتەكە خۆی هەڵبوەشێنێتەوە و بچێتەوە ناو پارتی دیموكراتی كوردستان بە سەركردایەتی مەلا مستەفای بارزانی، هەڵوێستی خۆیان ڕاگەیاند بە كشانەوە لە بڕیاری گۆنگرە دوای ئەوەی ناویان لە خۆیان نا (كۆمەڵێك لە شۆرشگێرانی كوردستان) لە دیارترینیان (عبدالله ئیسماعیل و عبدالستارطاهر شریف)، كە سەركردایەتی پارتەكەی كرد دوای پێكهێنانەوەی بە هەمان ناو لە ژێر سەرپەرشتی داموو دەزگای رژێمی بەعسی(بحث) دەسەڵاتداری ئەوكات ئەویش دەرئەنجامی پێكدادان لە نێوان ڕژێم و بزووتنەوەی چەكداری كوردی ساڵی ١٩٧٤. (الزبيدي ،٢٠١٣، :١٥٥).


لیستی سەرچاوەكان:

یەكەم: پەرتووک:

أ: بە زمانی كوردی:

- *ئەمین، نەوشێروان مستەفا، كوردستانی عێراق سەردەمی قەلەم و موراجەعات ١٩١٨ - ١٩٣١، چاپخانەی سەردەم، (سلێمانی، ب.م).*

- *حیلمی، ڕەفیق، یادداشت، كوردستانی عێراق و شۆرشەكانی شێخ مەحموود، پێداچوونەوە: سەلاحەددین ئاشی، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی كوردستان،(سنە، ٢٠٢٠).*

- عەبدوڵڵا، نەجاتی، *كۆمەڵەو رێكخراوە كوردییەكان١٩١٨-١٩٣٣ لە بەڵگەنامەكانی هەردوو وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا و فرنسادا*، بنكەی ژین،( سلێمانی ،٢٠٠٧).

- نێروەیی، عەلی تەتەر، *بزاڤا سیاسی ل كوردستانێ١٩٠٨-١٩٢٧*،چاپخانا وەزارەتا پەروەردێ، (هەولێر، ٢٠٠٢).

ب: بە زمانی عەرەبی:

- *أحمد، كمال مظهر، صفحات من تاريخ العراق المعاصر(دراسات تحليلية)، مكتبة البدليسي، (بغداد،١٩٨٧).*

- *البارزاني ، عزيز حسن، الحركة القومية الكوردية التحريرية في كوردستان العراق(١٩٣٩ - ١٩٤٥)، دار سپێرێز،( دهوك، ٢٠٠٢).*

- الحسني، سليم عبدالرزاق، أحداث العراق السياسية والاجتماعية والإدارية في رسائل المؤرخ عبدالرزاق الحسني، مكتبة النهضة العربية، (بيروت، ٢٠١٩).

- *الحسني*، عبدالرزاق، تأريخ الأحزاب السياسية العراقية، ط٢، (بيروت، ١٩٨٣).

- الحسني، عبدالرزاق، وآثاره الكتابية في بحر ستين سنة من حياته ١٩٢٢- ١٩٨٢ بقلمه، (بغداد، ١٩٨٤)، تأريخ الوزارات العراقية، ج١٠، ط٧، دار الشؤون الثقافية العامة، (بغداد، ١٩٨٨).

- رسول، إسماعيل شكر، *اربيل دراسة تاريخية في دورها الفكري والسياسي ١٩٣٩- ١٩٥٨* ، ط٢، مطبعة بينايي، (السليمانية، ٢٠٠٥).

- الزبيدي، حسن لطيف كاظم ، *موسوعة السياسة العراقية (مفاهيم- أحداث- أحزاب- شخصيات)،ط٢*، مكتبة مؤمن القرش، (بيروت ،٢٠١٣).




Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

- زكي، محمد أمين،خلاصة تاريخ الكرد و كردستان(من أقدم العصور التاريخية حتى الان)، ت: محمد على عوني، مطبعة السعادة،(مصر، ١٩٣٩).
- شريف، عبدالستار طاهر، *الجمعيات والمنظمات والأحزاب الكردية في نصف قرن (١٩٠٨-١٩٥٨)*، ط٢، (سليمانى، ٢٠٠٧) .
- شيركوه، بلةج، *القضية الكردية ماضي الكرد وحاضرهم*،مطبعة السعادة،(مصر، ١٩٣٠).
*-صابر، سروه أسعد، كوردستان من بداية الحرب العالمية الاولى الى نهاية مشكلة الموصل (١٩١٤- ١٩٢٦) دراسة تاريخية سياسية وثائقية، مؤسسة موكريانى للطباعة والنشر،( اربيل، ٢٠٠١).*
- صابر، كوردستان الجنوبية ١٩٢٦-١٩٣٩(دراسة تأريخية سياسية)، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی،(سليمانية، ٢٠٠٦).
- طالباني، جلال ، كردستان و الحركة القومية الكردية، (بغداد، ١٩٧٠).
- العلاف، ابراهيم خليل، موسوعة المؤرخين العراقيين المعاصرين، ج١، دار ابن الاثير، (موصل،٢٠١١).
*- علي ، فليح حسن، عبدالرزاق الحسني مؤرخا، دار ومكتبة البصائر ،( بيروت، ٢٠١٠).*
- العلياوي، عبدالله، كوردستان في عهد الدولة العثمانية من سنة ١٨٥١ الى سنة ١٩١٤( دراسة في التاريخ السياسي)، (السليمانية، ٢٠٠٥).
- نيكيتين، باسيلي، *الكرد دراسة سوسيولوجية و تاريخي*، تحرير نورى طالباني، ط٣، مؤسيسة حمدى للطباعة، (سليمانى،٢٠٠٧).
- المزوري، هلبين محمد امين، *حزب هيوا - الأمل (١٩٣٩-١٩٤٦)*، سپریز، (دهوك، ٢٠٠٨) .

دووەم: تێزە زانکۆیەکان:
أ: بەزمانی کوردی:
*- رشيد، رندە طە حبيب، ڕووداوە سیاسیەکانی باشووری کوردستان (١٩١٩-١٩٤٦) لە نووسینەکانی عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی دا، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)پێشکەش کراوە بە کۆلێژی پەروەردە- ئاکرێ- زانکۆی دهۆک - ٢٠٢٢.*

ب: بەزمانی عەرەبی:

*- الاتروشي، خليل مصطفى عثمان، كوردستان الجنوبية (العراق) في سنوات الاحتلال والانتداب البريطانيين(١٩١٨-١٩٣٢) رسالة ماجستير (غير منشور) مقدمة الى كلية ئاداب- جامعة دهوك- ٢٠٠٥.*
*سێ یەم: توێژینەوەی زانستی:*
*- الجادري، كافي سلمان مراد، "الجمعيات والاحزاب الكردية في العراق ١٩٢١-١٩٤٧(دراسة تاريخية سياسية")، مجلة الأستاذ،العدد١ ، المجلد الثاني، لسنة ٢٠١٧.*
*- ياسين،علاء طه، "منهجية المؤرخ عبدالرزاق الحسني في التدوين"، مجلة سر من رأى للدراسات الانسانية محكمة متخصصة- جامعة سامراء، العدد٤٠،المجلد ١١، السنة الحادية عشر،شباط ٢٠١٥.*
*چوارەم: پێگەی ئەلیکترونی:*
- ابراهيم خليل العلاف، "عبدالرزاق الحسني وجهوده في ارساء اسس المدرسة التاريخية العراقية المعاصرة "، مقال نشر في الحوار المتمدن، العدد ٢٥١٩، ٧ كانون الثاني ٢٠٠٩. بۆ زانیاری زیاتر پروانە پێگەی ئەلیکترونی www.allafblogspotcom.blogspot.com

-List of contributors:

Kurdish books:

Amin, Nawshirwan Mustafa, Iraqi Kurdistan The Era of Pen and Petitions 1918–1931, Sardam Printing Press, (Sulaymaniyah, n.d.).
Hilmi, Rafiq, Memoirs, Iraqi Kurdistan and the Revolts of Sheikh Mahmoud, - Revised by Saladin Ashi, Kurdistan Publishing and Distribution House, (Sanandaj, 2020).
Abdullah, Najati, Kurdish Associations and Organizations 1918–1933 in the - Documents of the British and French Ministries of Foreign Affairs, Zhin Center, (Sulaymaniyah, 2007).
Nerwayi, Ali Tatar, The Political Movement in Kurdistan 1908–1927, Ministry of - Education Press, (Erbil, 2002).

- Arabic books:
- Ahmed, Kamal Mazhar, Pages from the Contemporary History of Iraq (Analytical Studies), Al-Badlisi Library, (Baghdad, 1987).
- Al-Barzani, Aziz Hassan, The Kurdish National Liberation Movement in Iraqi Kurdistan (1939–1945), Spirez Press, (Duhok, 2002).
- Al-Hasani, Salim Abdul-Razzaq, Iraq’s Political, Social, and Administrative Events in the Letters of Historian Abdul-Razzaq Al-Hasani, Arab Renaissance Library, (Beirut, 2019).
-Al-Hasani, Abdul-Razzaq, History of Political Parties in Iraq, 3rd ed., (Beirut, 1983).
- Al-Hasani, Abdul-Razzaq, His Written Works Throughout Sixty Years of His Life 1922–1982 by His Own Pen, (Baghdad, 1984); History of the Iraqi Ministries, Vol. 10, 7th ed., House of General Cultural Affairs, (Baghdad, 1988).
- Rasul, Ismail Shukr, Erbil,A Historical Study of its Intellectual and Political Role 1939–1958, 2nd ed., Binayi Press, (Sulaymaniyah, 2005).
Al-Zubaidi, Hassan Latif Kadhim, Encyclopedia of Iraqi Politics (Concepts - - Events - Parties - Personalities), 2nd ed., Mu'min Al-Qurashi Library, (Beirut, 2013).
Zaki, Muhammad Amin, A Summary of the History of the Kurds and - Kurdistan (From the Oldest Historical Eras to the Present), translated by Muhammad Ali Awni, Al-Sa'ada Press, (Egypt, 1939).
Sharif, Abdul Sattar Tahir, Kurdish Societies, Organizations, and Parties in - Half a Century (1908–1958), 2nd ed., (Sulaymaniyah, 2007).
Sherkoh, Belaj, The Kurdish Cause: The Past and Present of the Kurds, Al-- Sa'ada Press, (Egypt, 1930).
Saber, Sarwa Assad, Kurdistan from the Beginning of World War I to the - End of the Mosul Problem (1914–1926(sad) A Historical, Political, and Documentary Study, Mokriani Foundation for Printing and Publishing, (Erbil, 2001).

Saber, [Sarwa Assad], Southern Kurdistan 1926–1939 (A Historical and - Political Study), Hamdi Institute for Printing and Publishing, (Sulaymaniyah, 2006).

Talabani, Jalal, Kurdistan and the Kurdish National Movement, (Baghdad, - 1970).

-Al-Allaf, Ibrahim Khalil, Encyclopedia of Contemporary Iraqi Historians, Vol. 1, Dar Ibn Al-Athir, (Mosul, 2011).

- Ali, Falih Hassan, Abdul-Razzaq Al-Hasani as a Historian, Dar and Al-Basair Library, (Beirut, 2010).

- Al-Ulyawi, Abdullah, Kurdistan during the Ottoman Era from 1851 to 1914 (A Study in Political History), (Sulaymaniyah, 2005).

- Nikitin, Basil, The Kurds: A Sociological and Historical Study, edited by Nouri Talabani, 3rd ed., Hamdi Foundation for Printing, (Sulaymaniyah, 2007).

-Al-Mazuri, Helbin Muhammad Amin, The Hiwa Party – Hope (1939–1946), Spirez Press, (Duhok, 2008).

Academic thesis (kurdish):

-Randa Taha Habib Rashid, Political Events in South Kurdistan 1919-1946 in the Writings of Abdul Razzaq al-Hasani, Master's Thesis (Unpublished), Submitted to the College of Education - Akre (University of (Duhok, 2022).

Academic thesis (Arabic)

-Al-Atroushi, Khalil Mustafa Othman,Southern Kurdistan (Iraq) during the Years of British Occupation and Mandate (1918–1932), Unpublished Master's Thesis,submitted to the college of Arts – University of Duhok, 2005.

Scientific articies:

- Al-Jadri, Kafi Salman Murad, "Kurdish Associations and Parties in Iraq 1921–1947: A Historical and Political Study," Al-Ustadh Journal, Vol. 2, No. 1, 2017.

-Yasin, Alaa Taha, "The Methodology of Historian Abdul-Razzaq Al-Hasani in Documentation," Sur Man Ra'a Journal for Human Studies (Peer-Reviewed) – University of Samarra, Issue 40, Vol. 11, February 2015.

Electronic Websites:

-Ibrahim Khalil al-Allaf, "Abdul-Razzaq al-Hasani and His Efforts in Establishing the Foundations of the Contemporary Iraqi Historical School," an article published in Al-Hiwar al-Mutamaddin, Issue 2519, 7 January 2009, For more information, see the website: www.allafblogspotcom.blogspot.com.